

# ڕێبەری
# نوێنەری کارا

## بۆ ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق - پەرلەمانی کوردستان

ئەنجومەنی پارێزگاکان

ئامادەکردنی: ئارام کەمال

بڵاوکراوەکانی
ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان:
ژمارە: (15)

# ڕێبەری نوێنەری کارا
# بۆ ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان

( ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق – پەرلەمانی کوردستان – ئەنجومەنی پارێزگاکان )

**2025**

**بێبەرامبەر دابەشدەکرێت**

# ڕێبەری نوێنەری کارا بۆ  ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان


- ئامادەکردنی: ئارام کەمال
- پێداچوونەوەی یاسایی: صالح سەعید مصطفی
- پێداچوونەوە و پێشەکی:  بابان جەعفەر
- ساڵی چاپ: ٢٠٢٥ - چاپی یەکەم


- مافی لەچاپدانەوە پارێزراوە بۆ ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان.


- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن ( ٢٠٠٠ )ی ساڵی (٢٠٢٥)ی پێدراوە.

## تیمی ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان:

ئـــاواز سەلیم عەبدوڵا

سەرۆکی ڕێکخراو

ئـــــارام کــــــەمــــــال

بەڕێوەبەری پڕۆژە

پـــــەروە ر ئـــیبراهیـــــم

ڕێکخەری پڕۆژە

عومـــــەر محمەد عەلـــــی

ژمێریاری پڕۆژە

KEODD

کوردستان بۆ هەموان بۆ بەرەپێدانی دیموکراسی


ناونیشان:- سلێمانی- شەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود- باڵەخانەی فیردەوس -

بەرامبەر گوندی ئەڵمانی - نهۆمی (3) - شوقەی ژمارە (3)

پەیوەندیکردن: ئیمەیڵ: kurdistanbohamwan@gmail.com

مۆبایل: 07701509765 - 07725118700

فەیسبووك: kurdistanforeveryone

# ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان

ڕێکخراوێکی سەربەخۆی بێلایەنی ناحکومی قازانج نەویستە، تایبەتە بە کایەو پرسە دیموکراتیەکان.

## دروشم:

دیموکراتیەتێکی تەندروست...ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات، فەرمانڕەواییەکی بەرپرس لەبەردەم هاووڵاتیان دا.

## دیـــد:

ئاڵووێرکردنی ئاشتییانەی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بنەمـای دەنگـی هاووڵاتیـان، پێکەوەژیـانی سیاســی و کـۆمەڵایەتی لەسـەر بنەمـای ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان و پاراستنی فرەیی.

## بوارەکانی کارکردن

1. ئەنجامدانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە بوارە جیاجاکاندا.
2. ئەنجامدانی سیمینارو کۆنفرانس لە بورای جیاجیادا.
3. ئەنجامدانی ڕاهێنان خولی بەرزکردنەوەی توانستی بۆ دەزگاو دامەزراوو ڕێکخراوەکان.
4. چاودێریکردن وبەدواداچوونی شێوازو توانستی جێبەجێکردن لە دامەزراوە میری و هەڵبژێردراوەکاندا..

سالّی (2014) تۆمارکراوە بە ژمارە (16.2.ك) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان.

سالّی (2021) تۆمارکراوە بە ژمارە (1C210006) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی عێراق

# نووسینگەی سلێمانی  ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:

نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەساڵی (2008)دا لەلایەن پارێزگاری ئەو کاتەی سلێمانیەوە کراوەتەوە، مەبەست لەکردنەوەی ئەم نوسینگەیە لەهەموو پارێزگاکان بۆ کۆکردنەوەی ئەندامانی پارێزگاکەیە لەناو یەك فەرمانگەدا و ئاشنابوونی هاوڵاتیان بەو نوێنەرانەی کە لەرێگەی ئەوانەوە بوونەتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران. نوسینگە بریتیە لەفەرمانگەیەکی حکومی گشتی کە نوێنەری هەموو هاوڵاتیانە بەبێ جیاوازی

پێکهاتەی نوسینگەی سلێمانی:

نوسینگەی سلێمانی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) پێکدێت لە چوار بەشی سەرەکی کە بریتیتن لە:

(کارگێڕی - کاروباری ئەندامان - پارێزگاو هەرێمەکان - سکاڵا )

بۆ پەیوەندیکردن:

ژمارەی مۆبایل: 07701532603

ئیمەیڵ: Coro_sul@yahoo.com

## سوپاس بۆ:

نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە ئەرکی پێداچوونەوەی یاسایی ڕێبەرەکەیان لەئەستۆگرت.

# ناوەڕۆک:

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|


ئەم ڕێبەرە بۆ کێ گرنگە؟........ ٨
دەستپێک........ ٩
پێشەکی........ ١٠
چەند زاراوەیەکی تایبەت بە پرۆسەی نوێنەرایەتیکردن........ ١٤
چەند زانیاریەکی گشتی لەسەر ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان........ ٢٢
ڕێژەی بەشداری هاووڵاتیان لەئەنجومەنە هەڵبژاردنەکاندا........ ٢٥
ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان........ ٣١
پەیوەندی نوێنەر بە بازنەی هەڵبژاردنەکەیەوە........ ٤١
ڕۆڵی نوێنەران لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا........ ٤٦
نوێنەری کارا........ ٥٩
ڕۆڵی دەنگدەر لە هەڵبژاردنی نوێنەری کارادا........ ٧١
سەرچاوەکان........ ٧٣

# ئەم رێبەرە بۆ کێ گرنگە...؟

**بۆ نوێنەران:** نوێنەرێک کە بیەوێت نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینەی خەڵک بکات و ئەرکەکانی بەشێوەیەکی کارا جێبەجێبکات، ئەم رێبەرە یارمەتییەکی زۆری دەدات و بەرچاوڕوونی پێشکەشدەکات. ڕێبەرەکە سەرچاوەیەکی بەنرخە بۆ ئەوەی چۆن بە باشترین شێوە ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێت؟ چونکە بە کات و وزەیەکی کەم دەگاتە زۆرترین ئاسانکاری، داتا، و زانیاری کە بۆی بەرهەم هاتووە.

- **بۆ دەنگدەران و ڕای گشتی:** ڕێبەرەکە وەک ئامرازێکی گرنگ خزمەت دەکات بە دەنگدەران بۆ ئەوەی بزانن ماف و ئەرکەکانی نوێنەرەکانیان چین و چۆن دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر چاودێرییان بکەن و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەن. دەنگدەر تەنیا بە دەنگدان ئەرکەکەی کۆتایی نایەت، بەڵکو پێویستە چەندین هەنگاوی دیکەش لەگەڵ نوێنەرەکەی بگرێتەبەر، لەپێناو جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی کە لەکاتی هەڵبژاردندا پێیداراون.
- **بۆ پارتەکان:** ئەم ڕێبەرە دەتوانێت ببێتە هۆکارێک بۆ پارتە سیاسییەکان کە زیاتر هانبدرێن بۆ پەروەردەکردنی کادیر و نوێنەرەکانیان لەسەر بنەماکانی حوکمڕانی باش و پابەندبوون بە یاساکانەوە.

# دەستپێک

ئەم ڕێبەرە بەرهەمێکی دیکەی (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)ە کە دوای نزیکەی (١٠) ساڵ لەکارکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی پارێزگای سلیمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) و هاوکاتیش چاودێریکردنی ناڕاستەوخۆی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەگشتی و ئەنجومەنە هەڵبژێرداوەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، ئامادەکراوە.

دەستورو یاسا کارپێکراوەکان، چەندین ماف وئیمتیازاتیان بەخشیوەتە ئەندامانی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان، ئەمەش تەنها لەبەرئەوەی ئەندامانی ئەم ئەنجومەنانە خۆیان بۆ نوێنەرایەتیکردنی هاووڵاتیان یەکلایی بکەنەوەو ناچار نەبن بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان پەنا ببەنە بەر بەرتیل و چاوپۆشیکردن لەگەندەڵکاران.

مەبەستمانەو بەلامانەوە گرنگە پێگەو ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئەنجومەنە هەڵبژێرداوەکان بگێڕینەوەو لەرێگەی ئەم ڕێبەرەو ئەو ڕاپۆرتانەش کەساڵانە بڵاویاندەکەینەوە هاوکارێکی باشی نوێنەران بین بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی سوپاسی تایبەتی هەریەکە لەم بەڕێزانە بکەین، کە بەهاوکاری و هەماهەنگیان ڕێبەرەکەیان جوانترو دەوڵەمەندتر کرد:

یەکەم: نووسینگیە سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کەلەرێگەی بەڕێز (مافناس/ صالح سەعید مصطفى)، ئەرکی پێداچوونەوەی یاسایی ڕێبەرەکەیان لەئەستۆگرت.

دووەم/ بەرێز (بابان جەعفەر) چالاکوانی مەدەنی کەئەرکی پێداچوونەوەی ڕێبەرەکە و نووسینی پێشەکی لەئەستۆ گرت.

بەهیوای سەرکەوتنی هەموولایەک

# پێشەکی

## گرنگی "ڕێبەری نوێنەری کارا" لە دۆخی دامەزراوەکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا

بۆ کارکردنی کارا و ڕێکخراوەیی دامەزراوە یاسایی و دەستوورییەکان، بوونی پەیڕەوی ناوخۆ، ڕێبەر و پۆڵەسی کارکردنی ورد، بناغەیەکی دانەبڕاوە. بێگومان، سەرچاوەی ئەم بەڵگەنامانەش دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی یاسایی و یاساش لە دەستوور و سیستەمی سیاسی وڵاتەوە سەرچاوە دەگرێت. بەم پێیە بەشێکی گەورەی وەڵام بۆ پرسی (ئایا ڕێبەرێکی لەم چەشنە پێویستە؟) لەلای دەستوور و سیستەمی سیاسی دەبێت، چونکە کۆی دەق و ئەنجوومەنە هەڵبژێرراوەکان، نەیانتوانیوە ئەو گۆڕانکارییە جۆرییە لەدۆخی وڵاتدا بکەن، کە هاووڵاتییان لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لەچاوەڕوانیدا بوون.

لەم چوارچێوەیەدا، دەستوور و یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی بە شێوەیەکی باش داڕێژراون و ڕەنگدانەوەی سیستەمێکی پەرلەمانی و سەرۆکایەتین و ڕێککەوتنی گشتی لەسەرکراوە، بەڵام لەکاتی جێبەجێکردندا زۆرجار بەند و ماددەکانی پێشێلکراون. بەداخەوە، ئەم پێشێلکارییانە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی عورفێک کەشوێنی دەقە یاسایی یان دەستوورییەکانی گرتووەتەوە. نموونەی بەرچاوی ئەم دۆخە، وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، پێکهێنانی دەستەی سەرۆکایەتی دامەزراوەکان، بەتایبەت پەرلەمانی کوردستان و لەوادەی پێکهێنانی هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێم دەبینرێت، لەوەش زیاتر لەبەسەرچوونی وادەی یاسایی زۆرینەی دامەزراوەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بەڕوونی پێشێلی دەقەکان دەرکەوتووە. ئەمە دەریدەخات کە ئەگەر سازان و پابەندبوونێکی

ڕاستەقینەی نێوان پارتەکان لەسەر جێبەجێکردنی یاسا و ماددەکانی دەستوور نەبێت، ئەوا دەقە یاساییەکان بەئاسانی پێشێلدەکرێن و بایەخی خۆیان لەدەستدەدەن.

لەناو ئەم دۆخە ئاڵۆزەدا، پرسیاری ئەوەی: ئەی کەواتە ئەم "ڕێبەری نوێنەری کارا"یە، کە لەلایەن (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)ەوە ئامادەکراوە، لەکوێدا جێیدەبێتەوە و بۆچی گرنگە؟ بەتێگەیشتنی ئێمە، ئەم هەوڵانە لەدوو ڕووەوە کاریگەرییەکی ئەرێنییان دەبێت:

## یەکەم: بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشتی:

هەموو فشارێک و کارکردنێک لەسەر دامەزراوە دەستووری و یاساییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، خزمەتێکی باش بە فراوانکردنی تێگەیشتنی تاک و کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات سەبارەت بەگرنگی و ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئەم دامەزراوانە، بەو مەرجەی کە بەتەواوی ئەرک و فەرمانەکانی خۆیان جێبەجێبکەن. ئەم هۆشیارییە دەتوانێت ببێتە هێزێکی پاڵنەر بۆ چاکسازی و پابەندبوون بەیاسا.

## دووەم: پڕکردنەوەی بۆشایی زانیاری و بەهێزکردنی لێپرسینەوە:

ئەم ڕێبەرە، لەگەڵ هەموو ڕاپۆرت و چالاکییەکانی دیکە کە لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومییەکان و میدیاوە ئەنجامدەدرێن، خزمەت بە نوێنەران، دەنگدەران، و تەنانەت پارتە سیاسییەکانیش دەکات:

- **بۆ نوێنەران**: نوێنەرێک کە بیەوێت نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینەی خەڵک بکات و ئەرکەکانی بە شێوەیەکی کارا جێبەجێبکات، ئەم هەنگاوانە یارمەتییەکی زۆری دەدەن و بەرچاوڕوونی پێشکەشدەکەن. ڕێبەرەکە سەرچاوەیەکی

بەنرخە بۆ ئەوەی چۆن بە باشترین شێوە ئەرکەکانی ڕابپەڕێنێت، چونکە بە کات و وزەیەکی کەم دەگاتە زۆرترین ئاسانکاری، داتا، و زانیاری کە بۆی بەرهەمهاتووە.

- **بۆ دەنگدەران و ڕای گشتی**: ڕێبەرەکە وەک ئامرازێکی گرنگ خزمەت دەکات بۆ دەنگدەران بۆ ئەوەی بزانن ماف و ئەرکەکانی نوێنەرەکانیان چین و چۆن دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر چاودێرییان بکەن و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەن؛ دەنگدەر تەنیا بە دەنگدان ئەرکەکەی کۆتایی نایەت، بەڵکو پێویستە چەندین هەنگاوی دیکەش لەگەڵ نوێنەرەکەی بگرێتەبەر، لەپێناو جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی کە لەکاتی هەڵبژاردندا پێیدراون.
- **بۆ پارتەکان**: ئەم ڕێبەرە دەتوانێت ببێتە هۆکارێک بۆ پارتە سیاسییەکان کە زیاتر هانبدرێن بۆ پەروەردەکردنی کادیر و نوێنەرەکانیان لەسەر بنەماکانی حوکمڕانی باش و پابەندبوون بە یاسا.

لەم سۆنگەیەوە، وێڕای دەستخۆشی و سوپاسێکی زۆر بۆ کاک (ئارام) و (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)، هیوادارم ئەم ڕێبەرە بۆ نوێنەرانی خەڵک و دەنگدەرانیش ببێتە جێگەی سەرنج و ئەو هەوڵەی تێیدادراوە، بگاتە ئامانجی خۆی. کە هاندانی سەرەکی هەر دوو نوێنەری هەڵبژێردراو و دەنگدەری چالاکە بۆ ئەنجامدانی ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانیان بە باشترین شێوە، بۆ بنیاتنانی سیستەمێکی پەرلەمانیی بەهێزتر و دیموکراسییەکی ڕاستەقینە.

**بابان جەعفەر**

**٢٩ی ئەیلوولی ٢٠٢٥**

# چەند زاراوەیەکی تایبەت

# بەپرۆسەی

# نوێنەرایەتیکردن

# چەند زاراوەیەکی تایبەت بەپرۆسەی نوێنەرایەتیکردن

ئەزموونی رابردوو دەریخستەوە کە بەشێک لە نوێنەران وەک پێویست زانیاریان لەسەر زاراوە پەرلەمانیەکان نەبووە، بۆیە لەسەرەتادا بە پێویستی دەزانین چەند زاراوەیەکی تایبەت بە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان بۆ خوێنەران بە گشتی و نوێنەرانی نوێی ئەنجومەنە هەڵبژێرداوەکان بەتایبەتی بخەینەڕوو، هەربۆیە لێرەدا بەگرنگمانزانی ئاماژە بەبەشێکیان بکەین.

- پەرلەمان
- نوێنەر
- نوێنەرایەتیکردن
- وەرزی یاسادانان
- پێشنیاری پرۆژە یاسا
- بازنەی هەڵبژاردن
- هاوپەیمانی
- کۆدەنگی
- هەڵوەشاندنەوەی ئەندامێتی
- زۆرینەی ڕەها



- زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن
- زۆرینەی سادە
- دوو لەسەر سێی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەن
- کۆبوونەوەی هاوبەشی لیژنەکان
- گەندەڵی
- چاودێری پەرلەمانی
- چاودێریکردنی دەستووری بوونی یاساکان
- لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی
- خۆ بەدوورگرتن لە دەنگدان
- ڕەوانەکردنی بابەتێک بۆ لیژنەیەک

1. **پەرلەمان:** بریتییە لەو دامەزراوە یاساییەی کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی زۆرترین ژمارەی هاوڵاتیانی وڵاتێک یان هەرێمێک دەکات، فۆرمێکی سەرەکی دیموکراسییە و ئەندامەکانی لەسەر بنەمای دەنگی هاوڵاتیان هەڵدەبژێردرێن، پەرلەمان وەک باڵاترین دەزگای یاسادانان پێناسە دەکرێت، هەروەها بە (ئەنجوومەنی نیشتمانی، ئەنجوومەنی نوێنەران، ئەنجوومەنی گەل و کۆنگرێس و ...هتد) ناسراوە.

بێگومان ئەم پێناسەیەش بۆ (ئەنجومەنی پارێزگاکان) دروستە، بەڵام ئەمان لەسەر ئاستی پارێزگاکان باڵاترین دەسەڵاتن.

2. **نوێنەر:** ئەو کەسەیە کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت بۆ نوێنەرایەتیکردنیان لە (ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان) بۆ داکۆکیکردن لە خواست و پێداویستی هاووڵاتیان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

3. **نوێنەرایەتیکردن:** میللەت ئەرکی بەرگریکردن لە مافەکانی خۆی دەداتە دەست کۆمەڵێک کەسی شایستە، وەک ئەوەی لە ئەنجومەنە هەڵبژێرداروەکاندا پەیڕەودەکرێت، کاری سەرەکی ئەو کەسانە نوێنەرایەتیکردنی هاووڵاتیانە بێجیاوازی.

4. **وەرزی یاسادانان:** یەکێکە لەو قۆناغە تایبەتانەی کە ئەنجومەنی نوێنەران تیایداکۆدەبێتەوە. ئەنجوومەنی نوێنەران خولی گرێدانی ساڵانەی هەیە کە لە دوو بەشی یاسادانان پێکدێت و ماوەی هەر وەرزێکی یاسادانان 4 مانگە، واتە خولیکی گرێدانی ساڵانەی ئەنجومەنی نوێنەران 8 مانگە. ئەو وەرزی یاسادانانەی کە بودجەی گشتی تێداخراوەتەڕوو، کۆتایی نایەت هەتا پەسەندنەکرێت.

پەرلەمانی کوردستانیش لەساڵێکدا دوو وەرزی گرێدانی هەیە: یەکەمیان، لەسەرەتای مانگی ئادارەوە دەستپێدەکات تاکۆتایی مانگی حوزەیران و بە(خولی بەهارە) ناو دەبرێت، دووەمیان لە سەرەتای ئەیلولدا

دەستپێدەکات، تا کۆتایی کانوونی یەکەم و بە(خولی پاییزە) ناو دەبرێت.

5. **پێشنیاری پرۆژە یاسا (مقترح مشروع قانون):** یاسایەکی پێشنیارکراوە کە لەلایەن ئەندامێک یان چەند ئەندامێکەوە پێشکەش دەکرێت بۆ تاوتوێکردن و پەرەپێدان. جیاوازە لە "پرۆژەیاسا"، کە زۆرجار لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش دەکرێت. پرۆژە یاسا دەبێت یاداشتێکی لەگەڵدا بێت کە هۆکار و بنەما و ئامانجەکانی بخاتەڕوو، و پابەندە بە مەرجە تایبەتەکان سەبارەت بە فۆرم و ژمارەی پێویستی واژۆکاران و ناوەڕۆک.

6. **بازنەی هەڵبژاردن:** ناوچەیەکی جوگرافییە کە دەنگدەران نوێنەرانی خۆیانی لێهەڵدەبژێرن بۆ ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان.

7. **پارێزبەندی نوێنەر:** پاراستنی یاسایی لەهەندێک بارودۆخدا، دەدرێت بە ئەندامانی هەڵبژێردراو لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا و لە لێپرسینەوەی دادوەری دەیانپارێزێت.

8. **هاوپەیمانی:** هاوپەیمانی نێوان دوو پارت یان قەوارەی سیاسی یان زیاتر بۆ پێکهێنانی یەک لیستی هەڵبژاردن یان بۆ پێکهێنانی حکومەت دوای هەڵبژاردن.

9. **کۆدەنگی (الاجماع):** دەنگدانێکە لەلایەن هەموو ئامادەبووان بۆ پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی ئەو بابەتەی کە بۆ خستنەڕووی بیرورا خراوەتەڕوو.

10. **ڕەوانەکردنی بابەتێک بۆ لیژنەیەک (إحالة الموضوع إلى لجنة):** بڕیارێکە لەلایەن ئەنجومەن، یان سەرۆکی ئەنجومەنەوە (لەحاڵەتە بەپەلەکاندا) دەدرێت، بۆ ڕەوانەکردنی بابەتێکی دیاریکراو بۆ لیژنەی پەیوەندیدار بۆ لێکۆڵینەوەو پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێک لەبارەیەوە بۆ ئەنجومەن کە ڕاسپاردەکانی لیژنەکە لەخۆدەگرێت.

11. **دەستلەکارکێشانەوە:** بریتیە لە ڕاگەیاندنی کۆتایهێنان بە ئەندامێتی لەلایەن نوێنەرەوە بۆ

کۆتایهێنان بە ئەندامێتی و بەخشینی لەوەی لەسەرشانیەتی پێش تەواوبوونی ماوەی دیاریکراوی ئەندامێتی. ڕێگایەکە بۆ کۆتاییهێنان بە ئەندامێتی خۆبەخشانە و دەربڕینی خواستی ئازادە بۆ جێهێشتنی ئەندامێتی بەبێ سنووردارکردن و مەرج.

12. **هەڵوەشاندنەوەی ئەندامێتی (اسقاط العضوية):** ئەنجومەن مافی ئەوەی هەیە ئەندامێتی یەکێک لە ئەندامەکانی بەرلە کۆتایی هاتنی خولەکەی هەڵبوەشێنێتەوە بەهۆی جێبەجێنەکردنی یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامێتی کە لە یاساکان و پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا هاتووە.

13. **زۆرینەی ڕەها (الأغلبية المطلقة):** زۆرینەی ڕەها لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بە واتای زۆرینەی ئامادەبووان، بەگوێرەی لێکدانەوەی (دادگای باڵای فیدراڵی)/ بڕیاری ژمارە ٣(٢/فیدراڵی ٢٠٠٧/ لە بەرواری ٢٠٠٧/١٢/١٠ کە لە مادەکانی (٧/چوارەم) و ١(٦/دووەم/أ) لە دەستووردا ئاماژەی پێکراوە، واتای ئامادەبوونی زۆرینەی ژمارەی ئەندامەکانە کاتێک ڕێژەی یاسایی کۆبوونەوەکە بەدەستبێت وەک ئەوەی لەماددەی (٩٥/یەکەم)ی دەستووردا هاتووە، واتە زۆرینەی ڕەها (نیوە + 1) دوای بەدەستهێنانی ڕێژەی یاسایی بۆ کۆبوونەوە.

14. **زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن:** ئەو زۆرینەیە یە کە دەستووری عێراق بە ڕوونی دەقی لەبارەوە هێناوە، ئەویش (زۆرینەی ڕەهای کۆی ئەندامانی ئەنجوومەن) دەبێت، و پێی دەوترێت زۆرینەی تایبەت، بەو پێیەی زۆرینەیەکە دەستوور لە هەندێک حاڵەتدا دیارییکردووە.

15. **زۆرینەی سادە البسيطة):** واتە (نیوەی کۆی ژمارەی ئامادەبووان +١) دوای بەدەستهێنانی ڕێژەی یاسایی (زۆرینەی ڕەها)، بەو پێیەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی سادە دەدرێن. دەستووری عێراقی، دەقی لەبارەوەهێناون.

16. **دوو لەسەر سێی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەن:** هەروەها (زۆرینەی دوو لەسەر سێ)شی دەوترێت، ئەم

زۆرینەیە لەو حاڵەتە تایبەتاندا پێویستە کە لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥دا هاتووە، لەوانەش دەنگدان لەسەر یاسای دادگای باڵای فیدراڵی.

17. **کۆبوونەوەی هاوبەشی لیژنەکان (أجتماع مشترك للجان):** کۆبوونەوەی هاوبەش لە نێوان لیژنەکانی ئەنجومەندا ئەنجامدەدرێن بۆ بابەتێک کە تایبەتمەند بێت بەچەند لیژنەیەکەوە، ئەویش بەبڕیاری ئەنجومەن یان بەرێککەوتنی لیژنەکان.

18. **گەندەڵی:** بە پێشێلکردنی یاسا و ڕێسا و هەر کارێک پێناسە دەکرێت کە خراپ بەکارهێنانی پۆستی گشتی بۆ قازانجی کەسی یان کۆمەڵایەتی تێدابێت. بە گشتی گەندەڵی زیان بە بەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێت و دەرکەوتەکانی لە (بەرتیل، لایەنگری، خزمایەتی، زەوتکردن، تاڵانکردنی سامانی گشتی و ، هتد....)دا دیارە. گەندەڵی فۆرمەکانی جیاوازن، هەر لە بەفیرۆدانی سامانی گشتیەوە، هەتا دەگاتە خراپ بەکارهێنانی پۆستەکان، یان نەبوونی لێپرسینەوە و نەبوونی شەفافیەت.

19. **چاودێری پەرلەمانی (الرقابة النيابية):** بریتییە لە پشتڕاستکردنەوەی ئەنجامدانی ئەرکەکانی حکومەت بەپێی بەرژەوەندی گشتی. گەیشتن بەم ئامانجە پەیوەستە بە دوو کردارەوە: یەکەمیان ئەوەیە کە نوێنەر زانیاری و بەڵگەنامەی پێویستی لەسەر دەزگا جیاوازەکانی دەوڵەت هەبێت بە شێوەیەک کە بتوانێت ئاگاداری ڕەوتی ڕووداوەکان بێت، دووەمیان ئەوەیە کە نوێنەر ئەو لێهاتووییە تەکنیکییەی هەبێت کە وای لێبکات بتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی بەجێگەیاندنی حکومەت بکات لەسەر بنەما و ستانداردە جێگیرەکان.

20. **چاودێریکردنی دەستووری بوونی یاساکان (الرقابة على دستورية القوانين):** واتە دڵنیابوون لەوەی کەیاسا ئاساییەکانی دەسەڵاتی یاسادانان پێشێلی بڕگەکانی دەستوور ناکەن؟ هەروەها دەسەڵاتی دادوەری چاودێری کردارەکانی دەسەڵاتی یاسادانان دەکات لەدەسەڵاتی یاسادانانی خۆیدا؟ هەروەها ئەو

یاسایانەی لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەردەچن، دەخاتە ژێر چاودێری دادوەرییەوە بۆ دەستووری بوونیان؟ واتە پشتڕاستکردنەوەی دەستووری بوونی ئەم یاسایانە کاتێک جێبەجێ دەکرێن.

21. **لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی (التحقيق النيابي):** بریتییە لە گرنگترین شێوازو ڕێگەچارەی چاودێری پەرلەمانی، بەڵام جیاواز لە هەر لێکۆڵینەوەیەکی دیکەی پەرلەمانی کە خودی پەرلەمان پێی هەڵدەستێت وەک (لێکۆڵینەوەی هەڵبژاردن - تحقيق الانتخابي) و (لێکۆڵینەوەی تەشریعی)جیاوازە لە هەر لێکۆڵینەوەیەکەی دادی. بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە چەند ئەندامێکی پەرلەمان پێکدێت، بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بەمەبەستی گەیشتن بەڕاستی لە بابەت و کەیسی تایبەتمەند بە بەرژەوەندی گشتی.

ئەم لیژنەیە دەسەڵاتی تەواوی هەیە لە بینین و چاوپێکەوتنی هەموو بەڵگە و پەڕاوی تایبەت بە بابەتی لێکۆڵینەوەکە، هەروەها مافی بانگهێشتکردنی بەرپرسانیشی هەیە لە پێناو وەرگرتنی ڕوونکردنەوەو لێکۆڵینەوە.

22. **خۆ بەدوورگرتن لە دەنگدان (الامتناع عن التصويت):** ئەگەر ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەران بۆچوونی خۆی لەسەر ئەو بابەتە دەرنەبڕێت کە بۆ دەنگدان خراوەتەڕوو، جا بە قبوڵکردن بێت یان ڕەتکردنەوەی، ئەوا بە خۆبەدوورگرتن لە دەنگدان دادەنرێت.

# چەند زانیاریەکی گشتی لەسەر ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان

## ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

## پەرلەمانی کوردستان - ئەنجومەنی پارێزگاکان

# چەند زانیاریەکی گشتی لەسەر ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان

## یەکەم/ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانانو چاودێرییە، کاردەکات بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان لەڕێگەی پەیوەندی ئەندامان لەگەڵ دەنگدەرانیاندا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، هەروەها هەڵوێستەکردن لەسەر کێشەو گرفتەکانیان و هەماهەنگیکردن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو.

لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە هەتا ئامادەکردنی ئەم ڕێبەرە، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (٥) هەڵبژاردنی ئەنجامداوە، وابڕیاریشە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/١١/١١) هەڵبژاردن بۆ خولی شەشەمی ئەنجامبدات.

## دووەم/ پەرلەمانی کوردستان:

پەرلەمان لە هەرێمدا، باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریکردنە، مەرجەعی سیاسی و یاساییەو هەموو ئەو دەسەڵاتانە پیادەدەکات، کە لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و یاسا کارپێکراوە پەیوەندیدارەکاندا ئاماژەیان پێدراوە، دیاریترین ئەرکەکانیی پەرلەمانی کوردستان بریتین لە (چاودێری و یاسادانان)، لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە هەتا ئامادەکردنی ئەم ڕێبەرە، پەرلەمانی کوردستان (٦) هەڵبژاردنی ئەنجامداوە.

## سێیەم/ ئەنجومەنی پارێزگاکان

بوونی (ئەنجومەنی پارێزگاکان) ماددەیەکی دەستورییە لەماددەی (١١٦)ی دەستوری عێراقدا لەبەشی دەسەڵاتەکاندا ئاماژەی پێکراوە، کە دەسەڵاتەکانی عێراق بریتین لە:(ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان).

ئەنجومەنی پارێزگا دەسەڵاتی چاودێرییە لەناو سنووری کارگێریی پارێزگاداو مافی ئەوەی هەیە بڕیارو پێڕەو و ڕێنماییەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی لەناو سنووری پارێزگادا دەربچوێنێت، تاکو بتوانێت سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کاروباری پارێزگا بە پێی پرنسیپی نا ناوەندێتی بەڕێوەبردنی کارگێڕی بکات بەجۆرێکی وا کە ناکۆك نەبێت لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمدا.

لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە هەڵبژاردن بۆ چوار خولی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق ئەنجامدراوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان تەنها هەڵبژاردن بۆ دوو خولی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامدراوە، لەکۆتای ساڵی (٢٠٢٣)شدا دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، کاری ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی راگرت.

# ڕێژەی بەشداری هاووڵاتیان لە هەڵبژاردنەکانی

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

پەرلەمانی کوردستان

ئەنجومەنی پارێزگاکان

# ڕێژەی بەشداری هاووڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا


گرنگە سەرەتا بزانین بۆچی ڕێژەی بەشداری هاووڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا بەردەوام بەرەو داکشانە؟ گرنگە نوێنەری کارا بەدواداچوون بۆ ئەم پرسە بکات، ئەگەر سەرنج بدەین بەشێوەیەکی گشتی هاووڵاتیان لەسەرەتادا بەگەرمی بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کردووە، چونکە ئومێدێکیان بەئەنجومەنە هەڵبژێرداوەکان هەبووە، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی خولەکانی دواتر ڕێژەی بەشداری هاووڵاتیان دابەزیوە، بێگومان بۆ ئەمەش چەند هۆکارێک هەن لەوانەش:

1. نەبوونی متمانە بە سیستەمی سیاسی: زۆرێک لەوانەی بایکۆتی هەڵبژاردن دەکەن، پێیانوایە کە دەنگەکەیان هیچ گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینە ناهێنێتە ئاراوە بەهۆی گەندەڵی، ناکارامەیی، یان وەڵامنەدانەوەی بەرپرسانی هەڵبژێردراو.
2. نائومێدبوون لە نوێنەرانی هەڵبژێردراو: ئەگەر دەنگدەران هەستیان بەوەکرد کە نوێنەرانی هەڵبژێردراو نوێنەرایەتی بەرژەوەندی یان بەهاکانیان ناکەن، لەبەرامبەردا ئەمانیش پەنا دەبەنە بەر بایکۆتی هەڵبژاردن.
3. پەککختستنی دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان و بەگرنگ سەیرنەکردنیان لەلایەن دەسەڵاتەوە، وەک ئەوەی کە لە ئێستادا هەستی پێدەکرێت، ئەمەش وایکردووە کە هاووڵاتیان بەگرنگ سەیری ئەم ئەنجومەنانە نەکەن.

ئەمانەو چەندین هۆکاری دیکەش هەن، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کەئەم ئەنجومەنە هەڵبژێردراونە، نەیانتوانیووە گۆڕانکای لەدۆخی وڵاتدا بکەن، هاووڵاتیانیش هەر لەچاوەڕوانیدا ماونەتەوە، ئەو گۆڕانکاریەی کەهاووڵاتیان بەچاوی خۆیان بینویانەو لەماوەیەکی کەمدا دروستبووە، بریتیبووە لە (گۆڕانکاری لە شێوازی ژیان، شێوەی ڕووخسار، جۆرو ژمارەی ئۆتۆمبێل، بەسەربردنی پشووەکان لەدەرەوەی وڵات، زیادبوونی مووچەو ژمارەی پاسەوان و هتد...) لە نوێنەرە هەڵبژێردراوەکاندا.

لێرەدا وەک بیرخستنەوەیەک، خشتەی ڕێژەی بەشداری هاووڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا دەخەینەڕوو:


## یەکەم: ڕێژەی بەشداری هاووڵاتیان لە هەڵبژاردنەکانی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق):




| خولی هەڵبژاردن | بەرواری هەڵبژاردن | ڕێژەی بەشداری |
|---|---|---|
| خولی یەکەم | ٢٠٠٥/١/٣٠ | ٪٧٦.٩ |
| خولی دووەم | ٢٠١٠/٣/٧ | ٪٦٠ |
| خولی سێیەم | ٢٠١٤ /٤/٣٠ | ٪٦٢.٤ |
| خولی چوارەم | ٢٠١٨/٥/١٢ | ٪٤٤.٥ |
| خولی پێنجەم | ٢٠٢١/١٠/١٠ | ٪٤٣.٥٤ |

**دووەم/ ڕێژەی بەشداری هاووڵاتیان لە هەڵبژاردنەکانی (پەرلەمانی کوردستان):**


| خولی هەڵبژاردن | بەرواری هەڵبژاردن | ڕێژەی بەشداری |
|---|---|---|
| خولی یەکەم | ١٩٩٢/٥/١٩ | ٪٨٤.٤ |
| خولی دووەم | ٢٠٢٥/١/٣٠ | ٪٧٥.٦ |
| خولی سێیەم | ٢٠٠٩/٧/٢٥ | ٪٧٤.٥ |
| خولی چوارەم | ٢٠١٣/٩/٢١ | ٪٧٣.٩ |
| خولی پێنجەم | ٢٠١٨/٩/٣٠ | ٪٥٩.٨ |
| خولی شەشەم | ٢٠٢٤/١٠/٢٠ | ٪٧٢ |



## سێیەم/ ڕێژەی بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق:

لەساڵی (٢٠٠٥)دا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە عیراق و هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا، عێراق پابەندبوو بە کاتی یاسایی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، تاساڵی (٢٠١٣) دواتر بەهۆی گەندەڵییەوە ئەنجومەنی پارێزگاکان لەکارخران هەتا ساڵی (٢٠٢٣) دووبارە ئەنجومەنەکان هەڵبژاردنیان بۆ ئەنجامدرا، بەڵام لە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی (٢٠٠٥)ەوە تەنها یەک هەڵبژاردنی ئەنجامداوە ئەویش لەساڵی (٢٠١٤)دا بوو، ڕێژەی بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا لە ئاستێکی بەرزدا بوو بەراورد بەهەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥)، ئەویش چەند هۆکارێک لەوانەش:

1. هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ هاووڵاتیان تاڕادەیەک وەک بابەتێکی نوێ بوو، چونکە (٩) ساڵ بەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥) تێپەڕیبوو.
2. کاریگەری خۆپیشاندانەکانی (١٧ی شوباتی ٢٠١١) کە کێبڕکێیەکی نوێی لە نێوان پارتە سیاسیەکاندا دروستکرد، بۆیە ڕێژەی بەشداری بەرزبوویە بۆ (٧٩.٥٪).




ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا

| خولی هەڵبژاردن | بەرواری هەڵبژاردن | ڕێژەی بەشداری |
|---|---|---|
| خولی یەکەم | ٢٠٠٥/١/٣٠ | ٪٥٨ |
| خولی دووەم | ٢٠٠٩/١/٣١ | ٪٥١ |
| خولی سێیەم | ٢٠١٣/٤/٢٠ | ٪٥١ |
| خولی چوارەم | ٢٠٢٣/١٢/١٨ | ٪٤١ |

# ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەندامانی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

پەرلەمانی کوردستان

ئەنجومەنی پارێزگاکان

دەستورو یاساکان و پەیڕەوی ناوخۆی
ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان
چەندین ئەرک و دەسەڵاتیان بۆ ئەندامانی
ئەنجومەنەکان دیاریکردوون

**نوێنەری کارا**

دەبێت شارەزای
ئەرک و دەسەڵاتەکانی
بێت و لەو چوارچێوەیەدا
کارەکانی راپەڕێنێت

# ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق




دەستوری عێراق (٢٠٠٥) و یاسای (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پێکهاتەکەی) ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٨ی هەموارکراو کۆمەڵێک دەسەڵات و ئەرکی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران دیاریکردوون، نوێنەرانیش دەتوانن لەو چوارچێوە یاساییەدا ئەرکی خۆیان جێبەجێبکەن و دەسەڵاتەکان بەکاربهێنن.

## یەکەم/ ئەرک و دەسەڵاتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەگوێرەی دەستوری ساڵی (٢٠٠٥)ی عێراقدا:

لە مادده(٦١)ی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە: ئەنجومەنی نوێنەران ئەم کارانەی خوارەوەی لە ئەستۆدایە:

(یەکەم: دانانی یاسا فیدرالیەکان. دووەم: چاودێریکردنی دەسەلآتی ڕاپەڕاندن. سێیەم: هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار. چوارەم: ڕێکخستنی پرۆسەی پەسەندکردنی پەیماننامەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیەکان. پێنجەم: نیشاندانی ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی هەریەك لە:

أ – سەرۆك و ئەندامانی دادگای تێهەڵچوونەوەی فیدراڵی و سەرۆکی داواکاری گشتی و سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەری بە زۆرینەی ڕەها، لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی دادوەری باڵا.

ب – باڵوێزو خاوەن پلە تایبەتەکان لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران.

ج – سەرۆکی ئەرکانی سوپاو جێگرەکانی و ئەوانەی لە پلەی سەرکردەی تیپ و بەرەو ژوورترن، هەروەها سەرۆکی دەزگای هەواڵگری.

شەشەم: أ – لێپرسینەوە لە سەرۆك كۆمار. ب – بەخشینی سەرۆك كۆمار.

حەوتەم: أ – ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت پرسیار ئاڕاستەی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەكان بكات لەهەر بابەتێكدا لە بواری پسپۆڕی ئەواندابێت و ئەوانیش هەموویان مافی ئەوەیان هەیە وەڵامی پرسیارەكانی ئەندامان بدەنەوە.

ب – لانیكەم بیست وپێنج ئەندام لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆیان هەیە بابەتێكی گشتی بخەنەڕوو بۆ تاوتوێكردن بەمەبەستی ڕوونكردنەوەی سیاسەت و كاری ئەنجومەنی وەزیران یان یەكێك لە وەزارەتەكان، بابەتەكەش پێشكەش بە سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران دەكرێت. سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیرەكان وادەیەك دادەنێن تا ئامادەبن لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەران بۆ تاوتوێكردنی بابەتەكە.

ج – ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بە ڕەزامەندی بیست و پێنج ئەندام مافی ئەوەی هەیە بانگێهشتنامەیەك ئاڕاستەی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەكان بكات بۆ لێپرسینەوەیان لەو كاروبارانەی پەیوەندی بە پسپۆڕی ئەوانەوە هەیە، تاوتوێكردنەكەش ئەنجام نادرێت تاوەكو حەوت ڕۆژ تێپەڕ نەبێت بەسەر پێشكەشكردنی بانگهێشتنامەكەدا.

هەشتەم: أ – ئەنجومەنی نوێنەران مافی ئەوەی هەیە متمانە بكێشێتەوە لە یەكێك لە وەزیرەكان بە زۆرینەی ڕەها، وەزیرەكەش بە لەكارلادراو دەژمێردرێت لە بەرواری بڕیاری كێشانەوەی متمانەوە.

هـ – ئەنجومەنی نوێنەران مافی بانگهێشتكردن و بەخشینی بەرپرسانی دەستە سەربەخۆكانی هەیە لە ئەركەكانیان بەگرتنەبەری هەمان ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ وەزیرەكان دەگیرێتەبەر بەزۆرینەی ڕەها.

**دووەم/ ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەگوێرەی (یاسای ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهاتەکەی)یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٨ی هەمووارکراو.**

ماددەی (١٠): دووەم: ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی ئەنجومەن و کۆبوونەوەکانی ئەو لیژنەیەی کە تێیدا ئەندامن .....

ماددەی (١٥): یەکەم: پەیوەندی و ئاڕاستەکردنی نووسراوەکانی ئەنجومەن، لەوانەش نووسراوەکانی ئەندامانی ئەنجومەن لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ئەرکی یاسادانان و چاودێری و نوێنەرایەتییکردن (بەگوێرەی دەستوور و ئەم یاسایە و پەیڕەوی ناوخۆ)، بەنامەو نووسراوی فەرمی دادەنرێن و دەبێت دامەزراوە گشتییەکان لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ لە بەرواری وەرگرتنیانەوە وەڵامیان بدەنەوە.

ماددەی (١٦): یەکەم: پێویستە سەرجەم فەرمانگەکانی حکومەت هاوکاری نوێنەر بکەن بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆڵی نوێنەرایەتی خۆی ئەنجامبدات سەبارەت بە کاروباری خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتیان.

ماددەی (٢٧): ئەنجومەن دەسەڵاتی چاودێریکردنی خۆی کە لە دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان و پەیڕەوی ناوخۆدا هاتوون، بەکاردەهێنێت بەپێی ئەو ڕێکارانەی کە لەم یاسایە و پەیڕەوی ناوخۆدا، دەقیان لەبارەوە هاتووە لەڕێگەی ئامرازە بەردەستەکانەوە، لەوانەش:

یەکەم: لێپرسینەوە و بەخشینی سەرۆک کۆمار.

دووەم: پرسیارکردن لە سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان و بەرپرسانی دەستە سەربەخۆکان و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاکان و پارێزگارەکان و سەرۆکی ئەو دەستانەی پەیوەستنین بە وەزارەتێکەوە.

سێیەم: ڕوونکردنەوەی سیاسەت و ئاستی بەجێگەیاندنی ئەنجوومەنی وەزیران یان یەکێک لە وەزارەتەکان.

چوارەم: وەڵامگیری (سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاکان و بەرپرسانی ئەو دامەزراوانەی ناپەیوەستن بە وەزارەتێکەوە.

پێنجەم: سەندنەوەی متمانە لەسەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان و بەخشینی بەرپرسانی دەستە سەربەخۆکان.

شەشەم: ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەهەر یەکێک لەبەرپرسانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەستە سەربەخۆکان، لەو بابەتانەی کەدەکەونە ژێردەسەڵاتی خۆیانەوە.

حەوتەم: داوای زانیاری و بەڵگەنامە لەهەر دەزگایەکی فەرمی، سەبارەت بەهەر بابەتێکی پەیوەست بە بەرژەوەندی گشتی، مافی هاووڵاتیان، جێبەجێکردنی یاساکان، یان جێبەجێکردنیان لەلایەن دامەزراوەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەستە سەربەخۆکانەوە.

هەشتەم: داواکردنی ئامادەبوونی هەر کەسێک بۆ گەواهیدان، ڕوونکردنەوەی هەڵوێستێک، یان زانیاریدان سەبارەت بە هەر بابەتێک کە لەبەردەم ئەنجومەنەکەدا پێشکەشبکرێت.

نۆیەم: ئەنجامدانی سەردان و بەسەرکردنەوە بۆ وەزارەت و فەرمانگەکانی دەوڵەت بۆ دڵنیابوونەوە لەجێبەجێکردنی بڕگەکانی دەستوور و یاسا و ڕێسا و ڕێنمایی و بڕیارە کارپێکراوەکان بەشێوەیەکی دروست.

ماددەی (٢٩): نوێنەر بەپێی ئەو بڕگانەی لەپەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە، دەتوانێت پرسیار ئاڕاستەی سەرۆک وەزیران، وەزیرەکان، سەرۆکی دەستە سەربەخۆکان، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاکان، پارێزگارەکان و سەرۆکی دەزگاکانی ناپەیوەست بە وەزارەتێکەوە بکات، بە شێوەی زارەکی یان نووسراو، لەسەر هەر بابەتێک کە دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەوانەوە، بۆ لێکۆڵینەوە لەبابەتێک کە نوێنەرەکە نایزانێت، یان بۆ پشتڕاستکردنەوە لەڕوودانی ڕووداوێک کەبۆی زانراوە، یان بۆ ئەوەی بزانێت حکومەت مەبەستی چییە لە بابەتێکدا.

# دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانی پەرلەمانی کوردستان.

پەرلەمانی کوردستان ئەم ئەرک و دەستەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

1. دەرچواندنی یاسا
2. بڕیاردان لەسەر ڕێککەوتننامەکان و یەکلاکردنەوەی کێشەی چارەنووسیی گەلی کوردستان.
3. دەسنیشانکردنی پەیوەندیی یاسایی لەگەڵ دەسەڵاتی فیدراڵی.
4. دەستنیشانکردنی سەرۆکی هەرێم.
5. ناولێنانی سەرۆکی وەزیرانی هەرێم و متمانەدان بە ئەنجوومەنی وەزیران و کێشانەوەی متمانە لێیان.
6. پەسندکردنی بودجەی گشتیی و نەخشەکێشانی گەشەپێکردن و بڕیار لە سەردانیان.
7. چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.
8. پێکهێنانی لیژنەی جۆراوجۆر بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کاروبارێک کە بیەوێت.
9. پێکهێنانی لیژنە هەمیشەیی و کاتییەکان لە ئەندامانی پەرلەمان.
10. دانانی ڕێسا بۆ تۆمەتبارکردن و دادگاییکردنیئەندامەکانی لە کاتی شکاندنی ئەو سوێندەی کەخواردوویانە.



# دەسەڵات و تایبەتمەندییەكانی ئەنجومەنی پارێزگاكانی هەرێم .

ماددەی دووەم: ئەم یاسایە دەستەڵاتو بەرپرسیەتی ئەنجومەنەكانو سەرۆكەكانیانو ئەندامەكانی دەستنیشان دەكات بۆ پتەوكردنی پرنسیپی ناسەنتەری لە دابەشكردنی دەستەڵاتەكانو چاككردنی گەیاندنی خزمەتگوزاری گشتی بۆ هاووڵاتیانو پاراستنی مافەكانو بەرژەوەندییەكانی كۆمەڵگاو پەرەپێدانی یەكە كارگێرییەكان لە هەرێمدا.

ماددەی پێنجەم: ئەنجومەنی پارێزگا دەستەڵاتی چاودێرییە لە ناو سنووری كارگێڕیی پارێزگاداو مافی ئەوەی هەیە بڕیارو پێڕەوو ڕێنماییەكان بۆ ڕێكخستنی كاروباری كارگیریو دارایی لەناو سنووری پارێزگادا دەربچوێنێ، تاكو بتوانێ سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی كاروباری پاریزگا بە پێی پرنسیپی نا سەنتەری بەریوەبردنی كارگێڕی بكات بەجۆرێكی وا كەناكۆك نەبێ لەگەڵ دەستووروو یاسا كارپێكراوەكانی هەرێمدا.

ماددەی شەشەم: ئەنجومەنی پارێزگا ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:

یەكەم: هەڵبژاردنی سەرۆكی ئەنجومەن وجێگرەكەی، دووەم: لەسەر كارلادانی سەرۆكی ئەنجومەن یان جێگرەكەی.

سێیەم: هەڵبژاردنی پارێزگار، چوارەم: لێپچینەوە لەگەڵ پارێزگار یان یەكێك لە جێگرەكانی، پێنجەم:

(1. ئامادەكردنی پرۆژەی بودجەی ئەنجومەن بۆ تۆماركردنی لە پرۆژەی بودجەی پارێزگادا، 2. پەسەندكردنی پرۆژەی بودجەی پارێزگا). شەشەم: نەخشەكێشانی سیاسەتی گشتی بۆ پارێزگا.

هەشتەم: دەرچوواندنی بڕیارو پێڕەوو ڕێنماییەكانو پێشكەش كردنی ڕاسپاردەكان بۆ ڕێكخستنی كاروباری كارگێڕیو داراییو چاككردنی بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییە گشتیەكان لە پارێزگادا.



نۆیەم: پێشنیازکردنی پرۆژە یاسا تایبەتیەکان بە پەرەپێدانی پارێزگاو بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێگەی وەزارەتی پەیوەندیدارەوە.

دەیەم: دەستنیشانکردنی پێشینەکانی(اولویات) پارێزگا لەپرۆژەکانو بۆی هەیە هەر پرۆژەیەکی خۆجێیەتی لەناو بودجەی ساڵانەدا هاتبێت بۆ وەزارەتێك هەمواربکات بە هەماهەنگی.

یازدەم: چاودێریکردنی گشت چالاکییەکی دەستەکانی جێبەجێکردنی خۆجێیەتی بۆ زامن کردنی باش جێبەجێ کردنی کارەکانی بێجگە لە دادگاکانو یەکە سەربازییەکانو پاسەوانی هەرێم(پێشمەرگە) زانکۆو کۆلێجەکانو پەیمانگاکانی فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستیو ئەو فەرمانگانەی کە تایبەتمەندیی فیدرالییان هەیە لە پارێزگاکەدا.

دوازدەم: 1. ڕەزامەندیی دەربڕین بۆپڕکردنەوەی پۆستی هەردوو جێگری پارێزگا.
2. ڕەزامەندیی دەربڕین بۆپڕکردنەوەی پۆستی بەڕێوەبەرە گشتیەکان لە پارێزگادا. 3. پێشنیارکردنی لەسەرکار لادانی بەڕێوەبەرە گشتیەکان لە پارێزگا.

سێزدەم: ڕەزامەندیی دەربڕین لەسەر پێشنیازی بەجێگەیاندنی گۆڕانکاریی کارگێڕیی لە قەزاو ناحیەو گوندەکان.

چواردەم: پێکهێنانی لیژنەی هەمیشەییو کاتی لەنێوان ئەندامانی بۆ چاودێریکردنی دەزگا یان چالاکی دەستەکانی جێبەجێکار لەسەر ئاستی پارێزگا. شازدەم: پێشنیازکردنی قەرەبووکردنەوەی زیانپێکەوتووان.

# پەیوەندی نوێنەر

# بەبازنەی هەڵبژاردنەکەیەوە

## پەیوەندی نوێنەر بە بازنەی هەڵبژاردنەکەیەوە:



پەیوەندی نوێنەر بەو بازنەی هەڵبژاردنەی کە ئەندامەکەی ناردووەتە نێو ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانەوە، لەسەر بنەمای بەرنامەی هەڵبژاردنەکەی دەبێت، کەلەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بۆ دەنگدەرانی ڕاگەیاندووەو هەر لەسەر ئەو بنەمایەش دەنگی پێویستی مسۆگەرکردووە. بێگومان بەپێی یاسای دەستوری نوێنەری هەڵبژێردراو دەبێتە نوێنەر بۆ هەموو هاووڵاتیان لەسەر هەرسێ ئاستی (وڵات، هەرێم، پارێزگا) پێوسیتە کار بۆ سەرجەم هاووڵاتیان بکات، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە

ناگەیەنێت کە ئیدی بازنەی هەڵبژاردنەکەی فەرامۆش بکات، وەک لە ڕابردوودا چەندان نموونەی لەوجۆرە بینراوە.

دەنگدەر تەنیا بە دەنگدان ئەرکەکەی کۆتایی نایەت، بەڵکوو پێویستە چەندین هەنگاوی دیکەش لەگەڵ نوێنەرەکەی بگرێتەبەر، لە پێناو جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی کە لەکاتی هەڵبژاردندا پێیدراون.

نوێنەری کارا، هەمیشە هاووڵاتیان بەگشتی و دەنگدەرانی بەتایبەتی بەچالاکییەکانی ئاشنا دەکات و هەنگاوەکانی داکۆکیکردن بۆ هاووڵاتیان ڕووندەکاتەوە، کاری نوێنەرایەتیکردن، کارێکی خێزخوازی نییە، هەتا نوێنەر ئاشکرایان نەکات.

**نوێنەرەکەم کێیە و چی دەکات؟** مافی هاووڵاتیانە زانیاریان هەبێت لەسەر ئەرکی نوێنەرەکانیان، هەر بۆیە لەم ڕێبەرەدا پوختەیەکی سادە و ڕوون لەسەر ئەرکە سەرەکییەکانی نوێنەر باسکراوە، لەم ڕێگەیەشەوە هەموو هاووڵاتییەک دەتوانێت بەپشت بەستن بەزانیاریەکانی لەسەر ئەرکەکانی نوێنەر، چاودێری نوێنەرەکەیان بکەن.

لێرەدا ئەم پەیوەندییەش لەسێ بواردا کورت دەکەینەوە:

## یەکەم

لەوکاتانەی دەگەڕێتەوە
پارێزگاکەی خۆی،
دیدارو سەردان و پێشوازی
هاووڵاتیان دەکات
لەگرفت و سکاڵاو
داواکاریەکانیا دەکۆڵێتەوەو
پلان
بۆ چارەسەریان دەدەنێت

## دووەم

لەسەر بنەمای چاودێریکردنی
پێداویستییەکانی بازنەکە
داوا لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات
پێداویستیەکان جێبەجێبکات

## سێیەم

لەئەنجومەن
پێشنیاری یاسادان دەکات
بەمەبەستی پێشخستنی خزمەتگوزاریەکانی
بازنەی هەڵبژاردنەکەی

# ڕۆڵی نوێنەران
# لە ئەنجومەنە هەڵبژێرداروەکاندا

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

پەرلەمانی کوردستان


ئەنجومەنی پارێزگاکان

## ڕۆڵی نوێنەران
## لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا

دەستورو یاسا بەرکارەکان، چەند ڕۆڵێکی گرنگیان بۆ ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان دیاریکردوون، ئەمەش لەپێناو خزمەتکردنی زیاتری هاووڵاتیان هەتا ژیانێکی شایستە بەسەربەرن، لێرەدا سەرەکیترین ڕۆڵی ئەنجومەنە هەڵبژاێردراوەکان لەسێ خاڵدا کورت دەکەینەوە، کە بریتین لە:



## یەکەم/ نوێنەرایەتیکردنی هاووڵاتیان.



یەکێک لە پێناسەباوەکانی پەرلەمان بریتییە لەو دامەزراوە یاساییەی کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی زۆرترین ژمارەی هاووڵاتییانی وڵاتێک دەکات، ئەندامەکانی لەسەر بنەمای دەنگی هاووڵاتیان هەڵدەبژێردرێن.

لەپێناسەکەوە دەردەکەوێت کەئەرکی سەرەکی (ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان) نوێنەرایەتیکردنی هاووڵاتیانە، واتە نابێت ئەنجومەنەکان کارێک بکەن یان هەنگاوێک بنێن یان یاسایەک یان بڕیارێک پەسەندبکەن کە لەبەرژەوەندی هاووڵاتیاندا نەبێت، واتە بەرژەوەندی هاووڵاتیان دەبێت ئەنجومەنەکان ناچاربکات بە دەرچوواندنی یاساکان بۆ ڕێکخستن و باشترکردنی گوزەرانی هاووڵاتیان، ئەمە لەلایەک. لەلایەکی دیکەشەوە ئەرکی ئەنجومەنەکانە یاساکان هەموار بکەنەوە بەگوێرەی گۆڕانکارییەکان و پێداویستییەکانی هاووڵاتیان.

## دووەم/ یاسادانان.

واتا کۆمەڵە ڕێسایەکی یاسایی کە دەسەڵاتی تایبەت بە یاسادانان لە دەوڵەتێک دایدەنێت بۆ ڕێکخستنی کارێکی دیارکراو، دارشتنی یاساکان کارێکی هێندە سانانین و بەهەمووکەسێک ناکرێت و لەتوانای هەمووکەسێکدا نین، ئەگەرچی تەنانەت کەسانی یاسایش بن، چونکە دارشتنی یاساکان ئەزموون و پسپۆڕی و زمان و توانای دارشتن و واقع بینی و ...هتد پێویستە.



## جۆرەکانی یاسادانان:



### ١ -یاساداناني دەستووری:

بریتییە لەو یاسادانانەی کە سیستەمی دەوڵەتی لەسەر دادەمەزرێت و ڕێگای بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی دەوڵەت دیاریدەکات، بە جۆرێک کە شێوازی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەت و دەسەڵاتە گشتییەکانی دەوڵەت و پەیوەندی نێوانیان ڕێکدەخات وتایبەتمەندی هەر یەکێکیان دیاریدەکات، ماف و ئازادییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە دیاریدەکات و شکۆی بەسەر هەموو یاساکانی دیکەوە هەیە.

### ٢ -یاساداناني ئاسایی یان یاساداناني سەرەکی:

مەبەست لەو یاس ادانانە ئەو یاسایەیە کەدەسەڵاتی یاساداناني (پەرلەمان) لەچوارچێوەی ئەو تایبەتمەندییانەی کە لەدەستووردا دیاریکراون، دەنوسێتەوە، بەو پێیەی کە (پەرلەمان) نوێنەرایەتی گشتی دەکات و خاوەن دەسەڵاتە لەو بوارەدا.

### ٣ -یاساداناني لاوەکی (فرعی):

بریتییە لە نزمترین جۆرەکانی یاساداناني کە بریتییە لەو یاسایەی لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دەردەچن، ئەمەش دووجۆرە:

أ. پەیڕەو و سیستەم: ئەو دەقانەن کە ئەنجومەنی وەزیران دەریان دەکات.

ب. ڕێنمایی: ئەو دەقەیە کە وەزارەتەکان و یەکە کارگێڕییەکان دەریان دەکەن.

## سێیەم/ چاودێریکردن.



چاودێریکردن بە یەکێک لە ئەرکە جەوهەریەکانی پەرلەمان دادەنرێت، کە شانبەشانی ئەرکی یاسادانان جێبەجێ دەکرێت. ئەرکی چاودێریکردن گرنگترە لە ئەرکی یاسادانان، بەو پێیەی پەیوەندی بە ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی کارکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوەیە، کە دەستورو یاساکان کۆمەڵێک تایبەتمەندی بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردنی دیاریکردوون.

ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە چاودێریکردنی سیاسەتەکانی حکومەت و جێبەجێکردنی پلان و پرۆژەو بڕیارەکانی، چ لەسەر ئاستی

ولات یان هەرێم یان پارێزگا بێت، رۆڵی چاودێری بۆ ئەوەیە رێگربێت لەبەردەم قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن حکومەت و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و حکومەتی خۆجێیدا، هەروەها بەشدارییپێکردنی هاووڵاتییان لەلێپرسینەوەی حکومەتدا لەرێگەی نوێنەرەکانیەوە کە دەستوورو یاسا بەرکارەکان مافی پێداون لەپرساندن و وەلامگیری و گرێدانی دانیشتنەکان بۆ گفتوگۆی گشتی، ئەمەجگە لەوەی سەندنەوەی متمانە لەسەرۆکی کۆمار و سەرۆکی حکومەت و وەزیرو پارێزگارو بەرێوەبەرە گشتییەکان. لەکاتی بوونی هەر کەمتەرخەمی و گەندەڵییەکدا.... وەک لە پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەنە هەڵبژێرداروەکانیشدا ئاماژەی پێکراوە.



دەکرێت رۆڵی چاودێری ئەنجومەنە هەڵبژاێردراوەکان، لەم سێ بوارەدا کورتبکرێنەوە:

پرساندن - المسائلة

وەڵامگیری- الاستجواب

کشانەوەی متمانە
سحب الثقة

## پرساندن – المسائلة:



پرساندن ئامرازێکە لە ئامرازەکانی چاودێریکردنی (ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان)، کە هەر ئەندامێکی ئەم ئەنجومەنانە دەتوانێت پرساندن لە هەر ئەندامێکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکات، لەسەر بابەتێکی گشتی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیدا، بە ئامانجی بەدەستهێنانی زانیاری تایبەت یان بۆ گرتنەبەری کارێکی دیاریکراو.

پرساندن ئامرازێکی چاودێری گرنگە بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکی زۆر سەبارەت بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن. ئەم ئامرازە لە سیستەمی دیموکراسیدا گرنگییەکی زۆریان هەیە، لەرێگەی پرساندنەوە هەمیشە هەوڵدەدەن جوڵەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بخەنە ژێر چاودێرییەکی بەردەوام و توندەوە.



پرساندن دەکرێت بە زارەکی یان نووسراو بێت و پەیوەندی بە بابەتە گشتیەکانی ناو دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە هەبێت. نابێت پرساندنەکە پەیوەندی بە بەرژەوەندی کەسی یان بابەتێکەوە هەبێت کە لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە لەبەرچاو دەگیرێت.

لەمادەی (٩١)دا لەدەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ هاتووە: هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت پرسیار ئاڕاستەی سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان بکات لەسەر هەر بابەتێک کە لەچوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیاندایە. هەریەکەیان دەتوانن وەڵامی پرسیارەکانی ئەندامان بدەنەوە و بەتەنیا پرسیارکەر مافی ئەوەی هەیە لێدوان لەسەر وەڵامەکە بدات.

هەروەها لەپەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەراندا لەمادەی (٢٠)دا هاتووە:

"هەموو ئەندامێک دەتوانێت پرسیاری نووسراو ئاراستەی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، سەرۆک وەزیران، یان ئەندامانی دیکەی حکومەت بکات، بە ئاگاداری دەستەی سەرۆکایەتی، سەبارەت بە هەر بابەتێک لەچوارچێوەی دەسەڵاتیدا، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەبابەتێک کە ئەندامەکە ئاگاداری نییە، یان بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕوودانی ڕووداوێک کە ئاگاداری بووە، یان بۆ ئەوەی بزانێت حکومەت بەنیازە چی لە بابەتێکی دیاریکراودا بکات.

هەروەها لەبڕگەی یەکەم و دووەم لە ماددەی (٦٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە: (واژۆکردنی داواکاری پرساندن بەواژۆی (٥/١) پێنج یەکی ئەندامان بۆ پرساندنی سەرۆکی حکومەت، هەروەها واژۆی (٦/١) شەش یەکی ئەندامان بۆ پرساندنی ئەنجومەنی وەزیران.

## وەڵامگیری- الاستجواب:

وەڵامگیری مافێکی دەستووری و یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانە، کە لەدەستوور و پەیڕەوی ناوخۆی زۆربەی وڵاتانی خاوەن سیستەمی پەرلەمانیدا هاتووە.

وەڵامگیری هۆشدارییەکە کە نوێنەرێک بۆ حکومەت یان وەزیرێک دەینێرێت بۆ ڕوونکردنەوەی کارەکانی وەزارەتێک یان سیاسەتی گشتی حکومەت.

وەک دەگوترێت وەڵامگیری گرنگترین و مەترسیدارترین ئامرازی چاودێری پەرلەمانە.

وەڵامگیری جیاوازە لەپرساندن، چونکە



وەڵامگیری باسەکە سنووردار ناکات بۆ ئەو کەسەی کە وەڵامگیریەکەی پێشکەشدەکات. بەڵکو هەموو ئەندامانی پەرلەمان مافی ئەوەیان هەیە بەشداری تێدابکەن.

وەڵامگیری دەروازەیەکە بۆ گفتوگۆیەکی گشتی لەسەر ئەو بابەتە کەپرسیاری لێدەکرێت و زۆرجار لە ئەنجامدا دەنگدان دەکرێت بەسەندنەوەی متمانە لەتەواوی حکومەت یان ئەو وەزیرەی کەوەڵامگیری لەگەڵدا دەکرێت.




کەواتە، وەڵامگیری بریتییە لەلێپرسینەوە لەسەرۆک وەزیران یان وەزیر یان پارێزگار یان بەڕێوەبەری گشتی لەهەر (کەمتەرخەمی، گەندەڵی دارایی یان ئیداری) کەدەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەوانەوە. لەوانەیە وەڵامگیریەکە ببێتە هۆی سەندنەوەی متمانە ئەگەر ڕوونبوویەوە کە هەریەکە (لەوانەی ئاماژەمان پێکردن) نەیتوانیوە ئەرکەکانیان جێبەجێبکەن یان بێتواناییەکەیان سەلمێنراوە.

## کشاندنەوەی متمانە/

ڕێگایەکەی دیکەیە بۆ ئەوەی ئەنجومەن هەڵبژێردراوەکان، نارەزایی خۆیان لەئاستی بەجێگەیاندنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن یان سیاسەتەکانی دەرببڕێت.

کشاندنەوەی متمانە، ڕێکارێکی سیاسییە لە سیستەمەکانی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا، کەڕێگە بەئەنجومەنەکان دەدات بەکشاندنەوەی متمانەی خۆیان بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن یان یەکێک لە فەرمانبەرانی، ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی دەستلەکارکێشانەوەی حکومەت و پێکهێنانی حکومەتی نوێ، لەڕێگەی دەنگدانی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانەوە.

بێگومان ئەنجومەنی پارێزگاکانیش دەتوانن هەمان ڕێکار بگرنەبەر بەرامبەر بە حکومەتی خۆجێیی لەسەر ئاستی پارێزگاکەیان.



# نوێنەری کـــارا

# بۆ

# ئەنجومەنە هەڵبـژێردراوەکان




پسپۆڕان و یاساناسان چەندین سیفەتیان دەستنیشانکردووە بۆ ئەندامانی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان، بێگومان سیفەتەکانی نوێنەری کارا زۆرن، لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بەچەند خاڵێکیان دەدەین، بەو ئومێدەی ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت لەداهاتوودا خۆیان کاندید بکەن بۆ ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان سوود لەم خاڵانە وەربگرن لەوانەش:

1. جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن:



کاری لە پێشینەی هەر نوێنەرێک، جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنە، هەرئەمەشە کەوا متمانەی دەنگدەرو دەنگپێدراو پتەوە دەکات و هۆکارێکی سەرەکیشە بۆ متمانەی هاووڵاتین بە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانەوە، بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن، زۆر هەنگاو دەتوانرێت بگیرێنەبەر، لەوانەش رۆڵی نوێنەر لە هەنگاوەکانی دەرچوانی یاساکان، لێرەدا نوێنەری کارا ئەو بەڵێنانەی کە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەهاووڵاتیانی داون، چەندێکیان دەتوانرێت لەپرۆژە یاساکاندا جێگەیان بکا تەوە. لەلایەکی دیکەوە نوێنەری کارا دەتوانێت لەرێگەی لیژنە هەمیشەییەکانەوە رۆڵی چاو دێری خۆی زیاتر ببینێت و ئەو گرفتانەی کە بڕیاری چارەسەرکردنی داون، دەتوانێت لەرێگەی لیژنە هەمیشەییەکانەوە کاری جدیان لەسەر بکات، بێگومان زۆربەی بوارەکان لەلیژنە هەمیشەیەکاندا دەتوانرێت باشتر کاریان لەسەر بکرێت بۆ نموونە (تەندروستی، پەروەردە، خوێندنی باڵا، شارەوانی....هتد).

2. گرنگیدان بە رۆڵە سەرەکییەکەی (چاودێری و بەدواداچوون، لێپرسینەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن).
3. نوێنەری کارا، دانانیشێت و خۆی بەدوور بگرێت، بەڵکو هەمیشە لەجوولەی بەردەوامدایەو کار بۆ چارەسەری کێشەکانی هاووڵاتیان دەکات، هەموو ئەو رێکارانە دەگرێتەبەر کە یاسا بۆ نوێنەرانی هەڵبژێردراوی دیاریکردوون.
4. نوێنەری کارا توانای گفتوگۆکردنی لەدانیشتنەکانی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان و کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکاندا هەیە و بەردەوام لە هەوڵدایە کێشەی بازنەی هەڵبژاردنەکەی بگەیەنێتە ئەنجومەنەکان بەمەبەستی چارسەرکردنیان لەرێگەی پێشکەشکردنی پرۆژەو پێشنیارەوە پێداویستی و داواکاری هاووڵاتیان لانیکەم بازنەی هەڵبژاردنەکەی لەنێو پرۆژەو پێشنیارەکانیدا جێیانبکاتەوە.



هەبوونی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ ئەندامانی دیکەی فراکسیۆنەکەیدا، لەپێناو گەیاندنی داواکاری هاووڵاتیان بەلایەنی پەیوەندیدار، نوێنەری کارا ئەندامانی دیکەی فراکسیۆنەکەی بەهاوکارو پشتیوانی خۆی دەزانێت، نوێنەری کارا لەفراکسیۆنەکەی دانابڕێت و لەپێناو بەرژەوەندی گشتی هاووڵاتیاندا بیروڕا ئاڵوگۆڕ دەکەن و پلان و بەرنامە بۆ کاری نوێنەرایەتی دادەڕێژن.



5. نوێنەر کارا، بۆ باشتر جێبەجێکردنی کاری نوێنەرایەتیکردنەکەی و زیاتر خزمەتکردنی هاووڵاتیان، هاوکارو هەماهەنگ دەبێت لەگەڵ ئەندامانی فراکسیۆنەکانی دیکەی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا.

6. نوێنەری کارا، لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ پارێزگاکەی خۆی، ئامادەبوونی بەرچاوی هەیە لە نووسینگەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان.

7. بوونی پەیوەندییەکی بەردەوام لەگەڵ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، نوێنەری کارا دەرگای بەڕووی کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا کراوەیە و لەڕێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە ڕاستییەکان بۆ هاووڵاتیان ئاشکرا دەکات.

8. بوونی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، نوێنەری کارا سود لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەبینێت و لەپێناو باشتر خزمەتکردنی هاووڵاتیان، هاوکارو هەماهەنگە.




نوێنەری کارا، دەبێت خاوەن ڕۆشنبیریەکی یاسایی

9. بێت و ئاشنابێت بە دەستوورو یاساکان و پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان.
10. نوێنەری کارا، ژمارەی مۆبایل و ڕێگاکانی پەیوەندیکردنی کراوەیە لەبەردەم هاووڵاتیان و فەرمانگەکاندا.
11. نوێنەری کارا هەوڵدانەکانی بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندی گشتین، نەک بۆ بەرژەوەندیی کەسی و حیزبی.
12. نوێنەری کارا چاودێرێکی سیاسی ورد بێت و ئاگاداری ڕووداو و گۆڕانکاریە سیاسییەکانە.

13. تێگەیشتن لەرۆڵی نوێنەرایەتی، نوێنەری کارا دەزانێت کە ڕۆڵی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان یاسادانان و چاودێریکردنە بەشێوەی کرداری، نەک تەنها قسەی بێکردار.

14. پێویستە نوێنەری کارا زۆرترین زانیاری لابێت سەبارەت بە:

- دەستورو یاسا و پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان.
- کێشەو داواکاری هاووڵاتیان.



15. متمانە بەخۆبوون: نوێنەری کارا دەبێت لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا، متمانەی تەواوی بەخۆی هەبێت و ئەو هەستەی لەلا دروست بووبێت کە بەڵی ئەو دەتوانێت لەئاست نوێنەرایەتیکردنی هاووڵاتیاندا بێت.

16. خۆشویستن بۆ کارەکەی: گرنگە نوێنەری سەرکەوتوو کارەکەی خۆی خۆشبێوێت، نابێت تەنها چاوی لەو مووچەو ئیمتازاتانە بێت کەوەری دەگرێت.

17. دەستپاکی: بۆ بەلاڕێدا نەبردنی ئەرکەکان و دووركەوتنەوە لەهەر کاریگەرییەکی نەرێنی، پێویستە خاوەن پۆستە گشتیەکان خۆیان بەدوور بگرن لەوەرگرتنی پارە لە (کەس، ڕێکخراو، کۆمپانیا ولایەنی دەرەکی و ....هتد).




18. نوێنەری کارا پێویستە شارەزایی زمانی عەرەبی بێت بەهەرسێ شێوەی (قسەکردن، خوێندنەوەو نووسین)، خۆئەگەر زمانی ئینگلیزی و زمانی دیکەش شارەزابێت زۆر باشترە.

19. نوێنەری کارا پێویستە تیمێکی لێهاتوو و کارامەی لەگەڵدا بێت هەتا یارمەتیدەری بن لەسەرخستنی کاراکانیدا.

20. دەبێت خاوەن پۆستە گشتیەکان تەنها بۆ بەرژەوەندی گشتی کاربکەن بکەن. نوێنەرایەتیش پۆستێکی گشتییە بۆیە نوێنەری کارا نابێت تەنها بەدوای سوودی دارایی یان سوودی دیکەدا بگەڕێن چ بۆ خۆیان یان خێزان و کەسە نزیکەکانیان.

21. بابەتیبوون: نوێنەری کارا دەبێت لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکە گشتیەکاندا ڕەچاوی شایستەیی بکەن، وەک دامەزراندنی گشتی، پێدانی گرێبەست، یان پێشنیارکردنی تاکەکان بۆ پاداشت و یارمەتییەکان، نەک لەسەر بنەمای حیزبی و کەسی و خێزانی بڕیاربدات



22. چالاکی بەردەوام: نوێنەری کارا هەمیشە لەجوڵەو چالاکی بەردەوامدایە و ناچێتە قۆناغی متبوون، گوێگرێکی بەردەوامە لەداواکاری و خواست و سکاڵای هاووڵاتیان، نوسراوو سەردان و بەدواداچوونیان بۆ دەکات، لەدانیشتنەکان بەشداروو گفتوگۆدەکات، لەکۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکاندا ڕۆڵی دیاری هەیە.

23. نوێنەری کارا: ئەنجامی لا گرنگە، نەوەک تەنها وروژاندنی بابەتێک لە سۆشیاڵ میدیا، گرنگی بەچۆنییەتی چالاکییەکانی دەدات نەک بەچەندێتی چالاکییەکان.

24. ئەزموونی کارکردن یان کەسێکی ئەکادیمی بێت لە بوارەکانی سیاسی، یاسایی، ئابووری، یان کارگێڕیدا

.ئەزموونی رابردوو، هاوکارێکی باشە بۆ کارابوونی نوێنەرانی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان، ئەزموونی کار یارمەتی نوێنەر دەدات لە پرساندن و وەڵامگیری دەسەڵاتی جێبەجێکردندا.

25. تێگەیشتن لەو ڕێگریانەی دێنە بەردەم کاری نێونەرایەتی وخاوەنی لێهاتوویی شیکارییە کە وایلێدەکات لەو ئالانکاریانە تێبگات کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگا دەبێتەوە و

چارەسەری کاریگەریان بۆ پێشنیار بکات، واتە دیدێکی ڕوون و پلانێکی کردەیی هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگا دەبێتەوە.

26. دەزانێت چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ قەیرانەکاندا بکات بڕیاری دروستیان لەبارەوە بدات.

27. لەبەرامبەر فشارە سیاسیەکان، پاشەکشێ لە هەڵوێستەکانی ناکات.

28. نوێنەری کارا، گرنگە پێگەیەکی ئەلکترۆنی تایبەت بەخۆی هەبێت، لە پێگەکەدا، کارو چالاکییەکانی و سەردان و بەدواداچوون و نوسراوەکانی، لەگەڵ ئەنجامی هەوڵەکانی بلاوبکاتەوەم هەروەها ڕێگاکانی پەیوەندی و وەرگرتنی سکاڵای هەووڵاتیان، لە پێگەکەدا دانرابێت.

29. نوێنەری کارا، لەکاتی کاندید بوونی بۆ ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان، بەڵێنی خەیاڵی و ناڕاست و چەواشەکارانەی بەرز نەکردۆتەوە.

30. پێویستە ئەندامانی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان، نموونەیەکی جوانی سەرکردایەتیکردن بن لە شێوازی پێشخستن و پشتگیریکردنی هەموو ئەو خاڵانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردن.



# رۆڵی دەنگدەر لە هەڵبژاردنی نوێنەری کـــارا بۆ ئەنجومەنەهەڵبژێردراوەکان



# ڕۆڵی دەنگدەر لە هەڵبژاردنی نوێنەری کارادا: بۆ ئەنجومەنەهەڵبژێردراوەکان

هەڵبژاردنی نوێنەری کارا بۆ ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان، تەنها ماف نییە، بەڵکو بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی و نیشتمانییە کە هەموو هاوڵاتییەک دەبێت بە هۆشیارییەوە ئەو بەرپرسیاریەتە هەڵبگرێت. بۆیە دەنگدەر دەبێت بەرپرسیارانە دەنگی خۆی بدات لەکاتی هەڵبژاردنی نوێنەردا، چونکە نوێنەرێک کە خاوەنی دەستپاکی و لێهاتوویی و بوێری و...هتد، بێت، دەتوانێت خواستەکانی هاووڵاتیان بەدیبهێنێت و بە دڵسۆزی بەرگری لە مافەکانیان بکات.

لەخوارەوە بەکورتی ڕۆڵی دەنگدەر لە پێنج خاڵدا دەخەینەڕوو:

1. دەنگدەر دەبێت شیکردنەوەی وردی بەرنامەی هەڵبژاردنی کاندیدەکان بکات و نەکەوتنە ژێر کاریگەری گەرمی وگوڕی بانگەشەی هەڵبژاردن.
2. گرنگیدان بەئەزموونی رابردووی کاندیدو دەستکەوتەکانی پێشووی، واتە پێش کاندید بوون ئەوکەسە لە پۆستەکەیدا هەتاچەند سەرکەوتوو بووە؟ چۆن گەیشتووە بەو پۆستە؟
3. ئەگەر کاندید، ئەندامی پێشووی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان بوو، پێویستە دەنگدەر سەیری کارو تواناکانی رابردووی ئەو کاندیدە بکات، دڵنیابێتەوە لەوەی ئەو کاندیدە توانیویەتی چی پێشکەشی هاووڵاتیان بکات؟ یاخود ئایا بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی رابردووی جێبەجێکردووە؟
4. ڕەتکردنەوەی دەنگدان لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی خێڵەکی یان حزبی بەبێ هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی کاندیدەکان.
5. ئەگەر دەنگدەر لە توانای کاندیدەکە دڵنیابوو لەو خاڵانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردن، بێ دوودڵی دەنگی پێبدات با کاندیدەکەش لە پارتی دڵخوازی دەنگدەرەکەش نەبێت.

## سەرچاوەکان:

بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕێبەرە، سوود لەم سەرچاوانە وەرگرتووە، کەبریتین لە:


### یەکەم/ سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:

1. د. خامۆش عمر عەبدوڵا، دانا دارا حسێن، ڕیبەری پەرلەمانتار، سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان.
2. ڕاپۆرتەکانی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی)، ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان.

### دووەم/ سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:

1. مصطلحات ومفاهيم النيابية، دائرة بحوث النيابية، مجلس النواب العراقي.
2. احمد عبدالسلام عبدالدائم، وسائل المحاسبة البرلمانية للرقابة على الاعمال السلطة التنفيذية.
1. محمد عبد جري، مسؤولية عضو البلمان (دراسة مقارنة بريطانيا.امريكا، مصر، العراق.
2. دليل الارشادي لعضو البرلمان، (المركز اليمنى لقياس الراي العام.
3. بناء الثقة العامة من خلال برلمان المستجيب، المعهد الديمقراطي الوطني.
4. دليل البرلمانيين حول الاخلاقيات وقواعد وسلوك البرلمانية، المنظمة العالمية للبرلمانيين ضد الفساد، ومؤوسسة وستمنستر للديمقراطية.
5. الرقابة البرلمانية في ظل النظام البرلماني.
6. مدونة السلوك النيابي، مجلس النواب العراقي.

### سێیەم/ دەستورو پەیڕەوی ناوخۆ:

1. دەستوری عێراق 2005.
2. پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
3. پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان.
4. پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

### سێیەم/ یاساکان:

1. یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٨، یاسای ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهاتەکەی هەموارکراو.
2. یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2009، یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق هەموارکراو.

### چوارەم/ ماڵپەرە ئەلکترۆنیەکان:

1. ماڵپەڕی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
2. ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان.
3. ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان.
4. ماڵپەڕی درەو میدیا.

KEODD

کوردستان بۆ هەموان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

# دليل
# النائب الفعال
## للمجالس المنتخبة

مجلس النواب العراقي - برلمان كوردستان

مجالس المحافظات



اعداد: آرام كمال